

# شاڵی مل جوانترت دەكات

هەندێك لە ئێكسسوار و پارچە جل هەن، سەرەڕای ئەوەی شێوەیان بچووكە، كەچی دیمەنێكی گەورە و جوانیان هەیە، تەنانەت جێگەیەكی ڕازاوە دەگرن لە جوانی جەستە، كە هەندێكیان لەو ئێكسسوارانەی جێگەیان دیارە و بەرچاوە وەك شاڵی مل، یان ملپێچ، ئەوەی لەلای خۆمان بەو ناوە ناسراوە، وەرزی زستان ساردە و هەواش كاریگەریی هەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ، شاڵی مل، دیمەنێكی جوان و سەرنجڕاكێشی هەیە، لەو كاتەی لەسەر ملدا دادەنرێ، و گرنگە كە ڕەنگی شاڵ، لە ڕەنگی جلوبەرگ بێت، یان دەكرێت جیاواز بێت و تاوەكو بە جوانی دەربكەوێت، شێوەی شاڵ چەند كراوە و گەورە بێت دیمەنی ڕازاوەتر دەبێت، چونكە بەشێكی زۆر لە مل دەگرێت و زیاتریش جوان دەبێت كاتێك بە شلی ببەسترێت.

# لەپێ كردنی سەندڵ لەماڵەوە

خانمان كاتێك لە ماڵدا خەریكی كاری ڕۆژانەن و تووشی ماندووبوونی جەستەش دەبنەوە، بەمەش دەبێ خانمان لەوە ئاگادار بن كە چ جۆرە ئێكسسوار یان پۆشاكێك بۆ ماڵ لەبەر بكەن یان بەكاری بهێنن تاوەكو سوودی هەبێ و بتوانن ئاراستەیەكی جوانیشی هەبێ، وەك لەپێ كردنی سەندڵ، كە جگە لەوەی دیمەنێكی خنجیلانەی هەیە، سوودێكی گەورەش بە پێ دەدات و لە گەرمی و ساردی و ئاو دەپارێزرێت، زیاتریش بەهۆی ئەوەی پێستی پێ ناسكە و بە كاریگەریی دەرەكی تووشی تێكچوون و لۆچ بوون دەبێتەوە، سەندڵ مۆدەی جوانی لێ دروست كراوە، ئەو سەندڵانەی هەڵیاندەبژێرن، هەولبدەن نەرم و خۆش بن بۆ لە پێ كردن، هەروەها چەندین ڕەنگ و شێوازی هەیە، دەتوانن هەر شێوەیەك بۆ شوێنێكی ماڵ بەكاربهێنن، وەك: بەكارهێنانی سەندڵی شین بۆ ژووری گەرماو، یان سپی و ڕەش بۆ هاتوچۆكردن لە ژوورەوە.






# كراسی بووك بۆ ساڵی تازە

بۆ ساڵی تازە چەندین مۆدەی جوان و شایستە بەرجەستە دەبن كە لە ئێستاوە كاریان لەسەر كراوە تاوەكو مۆدەیەك بێت،بە دڵ و خواستی گشت خانمان بێت، وەك چەندین لایەن و بەشەكانی جوانكاری لەوانە : جلوبەرگ-ماكیاژ-ئێكسسوار-ستایل، هەر یەكە لەم چەند بەشە تەواوكەری یەكترن بۆ بەدەست هێنانی ستایلێكی جوان و ڕازاوەی تازە، كە جیاواز بێت لەگەڵ مۆدەكانی پێشووتردا، لەگەڵ ئەوەشدا جلوبەرگ بە بەردەوامی كاری تازەی بۆ دەكرێت و لە مۆدەی تازەشدا دەردەكەون، وەك جلی بووك، یان كراسی بووك، كە شێوەیەكی گرنگی هەیە و لە ڕۆژێكی تایبەتدا دەپۆشرێت، بەمەش هەنگاوێكی گرنگ بۆ ئەو كەسە نیشان دەدات كە دەیپۆشێ، لەو مۆدە تازانە زیاتر بایەخ دراوە بە پەڕپەڕەی خوارەوەی كراسی بووك، كە دیمەنێكی ناسكی هەیە، ئەمەش وادەكات كە مۆدەیەكی تازە و جوان بێ بۆ ساڵی تازەی (٢٠١٣).





## ئێکسسواری تۆقەی ئاسایی و شێوەی تاج

چەندین جۆرە ئێکسسوار هەن، هەر یەکە بە پێ پێویست دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانکردنی بەشەکانی جەستەی خانمان، وەك (تۆقەی قژ بەستن) کە شوێنێکی بەرچاویان هەیە کاتێك کە قژی پێوە دەبەسترێت وادەکات جێگەی جوانی و ڕازاوەیی بێ، بەڵام ئەگەر شێوە جوانەکانی ئەو ئێکسسوارانەتان هەڵبژارد، دەبێ ئاگاداری ئەو لایەنە بن کە چ جۆرە تۆقەیەك بۆ قژتان دەگونجێت، بۆیە هەوڵبدەن شێوەی ئێکسسوارەکانی قژ، لە شێوەی تاج و تۆقەی ئاسایی بێت. جوانیی هەر یەکە لە ئێکسسوارەکان بە ڕازاوەترین شێوە دەکەوێتە سەر قژی خانمان، لێرەدا شێوەی ئێکسسوارەکان گرنگی جوانییەکە دەبن و شێوازێکی دیاریکراو دەبەخشن، بە گوێرەی مۆدە تازەکانی ئێکسسوار، دەتوانین چەندین شێوەی جیاواز هەڵبژێرین و لە کاتێکدا هەر یەکە لەو مۆدانە دەبن بە هۆکارێك بۆ جوانکردن و بەستنی قژ.



## جوانترین ئێکسسواری کوردەواری

چەندین جۆرە ئێکسسوار هەن لە جلوبەرگ و کەرەستەکانی جوانی کوردەواری کۆن، کە لە پێشوودا بە جوانترین شێوە و دیمەن کاریان بۆ کردووە و توانراوە وەك ئێکسسوارێکی پێویست و تایبەت بیپۆشن، جۆرەکانی ئێکسسوار لە کوردەواری : مۆری و مەرجان – گوارە-پاشەسەر-قەنەفل-مێخەك-گۆبەرۆك-دەسماڵ-ئەنگوستیلەی زیو-ملوانکە-مێرووی سەر، هەروەها چەندەها ئێکسسواری دیکەش کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو تاوەکو ئەمڕۆش دەپۆشرێت، بەڵام زیاتر گرنگی دراوە بەو ئێکسسوارانەی کە بەرچاون، وەك مێرووی سەر و پاشە سەر، یان ئێکسسواریان بەکارهێناوە وەك کڵاوێك لەسەر بکرێت و بەشێکی زۆری سەر بگرێتەوە، تەنانەت دەکەوێتە سەر نێوچەوان و ئەمەش وادەکات کە دیمەنێکی جوانی هەبێ، وەك لە وێنەکەدا دەبینن کە دیمەنێکی چەندە جوان و ڕازاوەی هەیە، بە گوێرەی ئەو شێوەیەش دەبێتە یەکێك لە جوانترین و سادەترین ئێکسسوار.



## خۆشەویستی درێژ و کورتی ناناسێت!

ئەوانەی پرۆسەی خۆشەویستی بە دڵێکی پاك و جوان ئەنجام دەدەن، گوێ بە هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی نادەن و تەنانەت هەر یەکە بە ڕێگەی خۆیەوە بیر دەکاتەوە و لە ئەنجامیشدا خۆشەویستییەکی گەورە دەردەچێت و سەرکەوتوو دەبن، ئەمەش لای ئەو کچە بەڕازیلییە کە بە درێژترین کچی ئەو وڵاتە دادەنرێ و ناوی (ئەلیسانی دا سیلڤا)یە، درێژی باڵای زیاتر لە دوو مەترە و تەمەنی (١٧)ساڵ دەبێت، ئەوەی سەیرە لەگەڵ کوڕێکدا خۆشەویستە ناوی (فرانسدیۆلا)یە کە نیوەی خۆی دەبێت لە بەژن و باڵادا، ئەمەش وا نیشان دەدات کە ئەو خانمە گرنگیی بە شێوە نادات و لەگەڵ دڵی خۆشەویستەکەیەتی.



## ئاگردان

شێوازی بە دەست هێنانی وزەو ئاگر چەندین ڕێگەو شێوازی هەیە کە بۆ چێشت و کوڵان بە گشتی بەکار دێت، ئاگردان یەکێکە لەو ڕێگایانە کە لە کۆنداو ئێستاش لە لادێ و لە لایەن کۆچەرو رەوەندەکان بەکاردێت، ئاگردان چەندین جۆر و شێوازی هەیە بە پێی بەکارهێنانی گۆڕانی بەسەر دادێت ئەوەی کە بۆ مەبەستی نان و ئەستوك بەکاردێت جیاوازە لەوەی کە بۆ چێشت لێنان بەکاردێت، ئەو شێوازەی کە بۆ چێشت لێنان بەکاردێت جۆرێکی تایبەتەو بە شێوازێکی وا دروست دەکرێت کە شوێنێکی جێگیری هەبێت بۆ ئەوەی مەنجەڵی لەسەر دابنرێت و کەمێك بەرز بێت بۆ ئەوەی لە ژێریەوە ئاگربکرێتەوەو لە لایەکیشیەوە ئەو ماددەیە دابنرێت کە دەسووتێت بە گشتی دار یان پاشەڕۆی ئاژەڵ بۆ سووتان بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەش لەملی ئاگردانەکە هەندێك کونی لێ دروست دەکرێت بۆ ئەوەی هەوای لێدەربچێت و زۆر دووکەڵ دروست نەکات و مەنجەڵەکەش زۆر رەش نەبێت دوای کوڵانی چێشتەکەش ئەو دارەی بەکاریان هێنابوو بۆ سووتان، دەبێ بە ڕەژوو سوودی لێوەردەگرن بەوەی چای لەسەر لێبنێن، ماددەی سەرەکیش بۆ دروست کردنی ئاگردان، قوڕی خوساو و کایە بۆ ئەوەی قوڕەکە یەکتر بگرێت لەگەڵ خۆیدا بەکاردێت.



## کوڕە کوڕە

کورە کورە ڕەنگە بەلاتانەوە ناوێکی سەیر بێت، بەڵام کورە کورە باڵندەیەکی جوانی ڕەنگاو ڕەنگە کە ئەم ناوانەشی هەیە ( قتك، قەتێ کور کور، کەتێ،هەوارەبەرە).

کورە کورە باڵندەیەکی وشکاییەو لە کۆتر دەچێت بە جۆرێك کلك و باڵ و دەنووکێکی درێژی هەیە، بەڵام قاچیان کورتە ئەوەی جێگای سەرنجە ئەویش ئەو خێراییەیەتی لە کاتی فڕیندا بەشێوەیەك جیاوازە لەگەڵ باڵندەکانی دیکەدا، چونکە لە کاتی بەرز بوونەوەدا بە خێراییەکی زۆر بەرز دەبێتەوە، ئەو باڵندەیە زیاتر لە بیابان یان وشکایی بەیار دەژی و خواردنی سەرەکیشی دانەوێڵەیە.

کورە کورە چەند جۆر و رەگەزێکی هەیە لەوانە (کور کورەی بەرزگ خەنەبی، بەرزگ رەش، خاڵ خاڵ، رێ رێ، گەنمان)

سەبارەت بە بوون یان نەبوونیشی لە کوردستان ئەوە زیاتر لە ناوچە گەرمەسێرەکان بوونی هەیە، بەڵام لەو ساڵانەی دوایدا بە کەمتر دەبینرێت، شێوەی ئەوەندە جوانە وەك کەو وایە، بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ کەو لە دەنووك و چەند بەشێکی دیکەی جەستە، ئەمەش بە جوانترین باڵندە دادەنرێ و تەنانەت نرخیشی زۆر گرانە ئەگەر دەستکەوێ.





## لاوازترین نمایشکار

ئاشکرایە کە خانمانی نمایشکار دەبێ خاوەن جەستەیەکی باریك و لاواز بن تاوەکو جلەکان بە دیمەنێکی جوان و شایستە دەربکەوێت، ئەمەش کە وەك یاسایەکی ستاندارده و دەبێ خانمانی نمایشکار جەستەیان باریك بێت، تەنانەت مەرجی وەرگرتنیش هەیە لەو بوارە کە هەر کەسێك داوا بکات ببێتە نمایشکار، دەبێ کێشی لە (٥٥) کیلۆگرام زیاتر نەبێت، هەروەها درێژیی باڵاشی لە ١٧٥ سەنتیمەتر کەمتر نەبێت، کەچی ئەو نمایشکارە، خاوەن لاوازترین جەستەیە، کە کێشی تەنیا (٣٩) کیلۆگرام دەبێت و یەکێکە لە نمایشکارە بەناوبانگەکانی وڵاتی ئیتاڵیا.











## جلە سەیرەکانی شاجوانان

لە کاتی نمایشکردنی پێشبڕکێی شاجوانانی جیهان، کە لە بڕگەیەکدا هەر شاجوانێك بە جلێکی کلتووری یان کۆنی وڵاتەکەی دەردەکەوێت، واتە هەر یەکە بە گوێرەی خۆی جلێکی تایبەت لەبەر دەکات، وەك هێمایەك بۆ ناساندنی کلتووری نەتەوەکەی یان وڵاتەکەی لە ڕێگەی جلوبەرگ، ئەوەی لە وێنەکەدا دەبینن وێنەی جلە سەیرەکانی شاجوانانی جیهانە، کە هەر یەکە بە ستایلێکی سەیر لە جلدا دەرکەوتووە، تەنانەت هەندێك جار ئەو جلە سەیرانە دەبنە هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی نازناوی شاجوانی جیهان.



# وێنە و بیر کردنەوە

- وێنەیەکی دەگمەن و سەیر لە کاتی نمایشی سەمای وڵاتی چین، کە کۆمەڵە کچێك لە دوای یەکترن و هەوڵبدە بزانە لە وێنەکەدا چەند دەست هەن !

## یاری پیت ڕیزکردن


**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی یانەیەکی وەرزشی هەولێرت بۆ دەربچێ .**

ا ە ق ڵ

**وەڵامی ژمارەی پێشوو : ئایشی شان**

## بۆ زاخــــاوی مێشك

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (جۆخین) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکە لە مەشکە دروست دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بەرزایی شوێنێکی نزم)
- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەك دوای ژمارە ٩)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی خەڵك بازاڕی تیادا دەکات)

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



زیاتر لەماوەی پێشوو خۆت بە حیسا با تی داراییەوە خەریك دەکەیت و بیر لەداهاتی زۆرتر دەکەیتەوە، پێویستە هاوسەنگییەك بۆ خەرجییەکانت دابنێیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




بەخت خەندەت بۆ دەکات و ئەزموونی زیاتر وەردەگریت، لەئەنجامی چەند پێوەچونێك وانەیەکی باش وەردەگریت، ڕەنگە دڵت بۆ کەسێك بکەوێتە دڵە خورپە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



بەخێرایی گۆڕانکارییەکی ئیجابی دەکەیت لە بواری ئیش و کارەوە، ڕەنگە لەرۆژانی داهاتوودا بگەیتە ئەنجامێکی باش و گرفتێکیشت بەرەو چارەسەری بڕوات.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە پارەیەکی چاك بەدەست بهێنیت بەهۆی ئەو کارانەی کە دەیکەیت، ئەنجامی باشیشی دەبێت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



بێ ئومێد مەبە، چونکە بەم زووانە دەرفەتێکی تر بۆ ڕێك دەکەوێ، گەر تۆزێك خۆت ماندو و هیلاك بکەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنی.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



نەیەڵی دووبارە ڕەشبینی باڵی بەسەر ژیانتا بکێشێت، ڕاستە کەمێك دوو دڵ دەبیت، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت و وردە وردە لەم فشارە دەروونییە ڕزگارت دەبێت.

# بووک و زاوای پێچەوانە



لە سەیرترین ئاهەنگی هاوسەرگیریدا، کە ئەوجارەیان بووک زاڵ بوو بەسەر زاوادا، ئەویش بە رازی کردنی بووکەکە کە جلی زاوا لەبەر بکات، هەروەها بە پێچەوانەش کە زاوا جلی بووک لەبەر بکات، لە وڵاتی ژاپۆن دوای ئەوەی دوو خۆشەویست بەیەك دەگەن و هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، ئەمەش بووە جێگەی سەرنجی گشت ئامادەبووان و جیهانیش، وەك دەبینن زاوا جلی بووکی لەبەرە، بووکیش بۆتە زاوا.

## مانای خەون



**منداڵی ساوا :** بە مانای خەم و خەفەت و ماندوو بوونە لە پەروەردە کردنی منداڵ، هەڵگرتنی منداڵێکی ساوا زۆر باشە و ئەو کەسەی هەڵی دەگرێت، ئەگەر لەزیندان بێت بەردەدرێت یان هەژار بێت دەوڵەمەند دەبێت، لە دایکبوونی منداڵ لە دەم مانای مردنە، منداڵ لە خەودا پێچەوانەیە، ئەگەر کچێکت ببینێت، ئەوە کوڕێکت دەبێت، بە پێچەوانەش راستە، منداڵ ماچ کردن باش نییە و ئەزیەت دانە.

سەرچاوە: خەوننامە !


## پەندی ناوداران



**شکسپیر دەڵێ:**

**- ئەگەر لە ژیان بەختەوەر نەبووی، بزانە داوای شتێك دەکەی کە هی تۆ نییە و کاتەکەی ماوە، یان شتێکت فەرامۆش کردووە کە هی تۆیە و کاتی خۆیەتی تا کاری لەسەر بکەی!**

## نوکتە




- کوڕێك لای باوکی شکایەت دەکات و دەڵێت: «باوکە مامۆستا پێم دەڵێت بێ عەقڵ!» باوکیشی تووڕە دەبێت و دەڵێت چۆن شتی وا دەبێت و دەڕوات بۆ لای مامۆستاکە و لێی دەپرسێت: «مامۆستا بۆ بە کوڕەکەم دەڵێیت بێ عەقڵ؟» مامۆستاش پێی دەڵێت: «کاکە ناهەقیم نەکردووە و کوڕەکەت زۆر بێ عەقڵە!»
باوکی دەڵێت: «چۆن؟» مامۆستاش بە کوڕەکەی دەڵێت:.
« بڕۆ بزانە من لە ماڵم؟» کوڕەکە دەڕوات و دێتەوە و دەڵێت: «مامۆستا لە ماڵ نەبووی!» مامۆستاش ڕوو لە باوکی دەکات و دەڵێت: «من نەموت بێ عەقڵە!» باوکیشی بە کوڕەکەی دەڵێت: «ئێ کوڕم بۆ ڕۆیشتێت،تەلەفونێکت بکردایە!!!

## دیوانە شیعر

**ساندرا لە پارچە شیعرێکی دەڵێ :**

قاوە تاڵەکەی ژیانت
شەونمی خونچەی ناسکیم بەیانیان وەکو
باران
تەڕی بکات هەموو گیانت
هێندە خۆم لات شیرین ئەکەم
لە پێش چاوانت ون نابم
حەزی من هێندە چڵێسە گەر دەریاش بیت
لێت تێر نابم...
ئاسانە لام هەموو ساتێك
بە دیواری حەزەکانتا سەر
بکەوم
بە قەراغی ئەوینتەوە
شۆڕببمەوە
باکم نییە ڕۆژی سەد جار
لەبەر بەستی شەرمەکانت
هەڵبکەوم



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢




کەسێکی ناودار لەژیانت بەتوانا فکری و پیشەییتەوە کاریگەر دەبێت، تۆش بەمە سوودمەند دەبیت، لایەنی دارایی و سۆزداریت جێی دڵنیاییە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



چاو بەپەیوەندییە کۆ مە ڵا یە تییە کا نت دەخشێنیتەوە، باری داراییت بەسەر کۆسپێك زاڵ دەبێت و بەرەو باشتر هەنگاو دەنێیت، چاودێری تەندروستیشت بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



ئەگەر ئەمڕۆ وتووێژو گفتوگۆت کرد دەربارەی ئیش و کارەکانت ئەوا زۆر وریا بە، چونکە بارودۆخ زۆر نارێك و ناگونجاوە بۆ ئەم جۆرە ئیش و کارانە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



هەست بە ئارامی و گەشبینی دەکەیت و چالاکیت بەرەو باشتر دەچێت و، بارودۆخ و ژیانت لا شیرین دەکات و لەوانەشە دەستکەوتی دارایی و سۆزداری لەگەڵ بێت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



بیرو مێشکت بخەرە کارو لەگەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکە، ژیربە ئازیزم، چونکە ماوەیەکە هەندێ ئاماژەت بۆ دەکرێت و خۆت تێی دەگەیت، بێ ئەوەی من ئاماژەی بۆ بکەم.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



هەندێك پێشەوەچوونی ئیجابی ڕوودەدات و دڵخۆش دەبیت، بەڵام یەکێك لەکەسە نزیکەکانت رەنگە دووبارە پەرێشان و غەمگینت بکاتەوە، بۆیە زۆر ئاگاداری خۆت بە.